

# هیوا عەبدوڵا عەزیز

لە ساڵی 1973 لە شارۆچکەی شەقڵاوە لە خێزانێکی مام ناوەندی لە دایک بوە، قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی لە شەقڵاوە خوێندوە، دوای راپەرینەکەی ئازاری ساڵی 1991 بەشداری لە ژیانی سیاسی کردوە و بۆ ماوەیەکی کەم کاری ڕێکخراوەیی لەگەڵ "ی ن ک" کردوە، دوای ئەوەی لە ساڵی 1992 لە دوورەوە بە ڕێباز و سیاسەتی پارتی کرێکانی کوردستان "پکک" ئاشنا دەبێ، بەشداری لە ڕیزەکانی ئەو پارتە کردوە و تا ساڵی 2001 لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی باکوری کوردستان بەشداری لە خەباتی چەکداری، ڕێکخستنی کردوە و لەسەر ئاستی جیاواز ئەرکی سەربازی و سیاسی وەرگرتوە، جگە لەوە هەر لە ڕێگای پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ کاروباری ڕێکخراوەیی ڕەوانەی دیمەشق و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە.
دوای بەشداری کردنی لە کۆنگرەی 7 ی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سالی 2001 بۆ کاروباری ڕێکخراوەیی، سیاسی و دیبلۆماسی هاتۆتە ئەورروپا و لەوێ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی (پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان – پ.چ.د.ک) پێ سپێردراوە.
لە ماوەی سالآنی 2001–2006دا، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەک مێدیا تیڤی، ڕۆژ تیڤی کاری کردوە و ماوەیەک سەرنوسەری گۆڤاری کوردستانی ئیمڕۆ بوە.
لە کۆتاییەکانی ساڵی 2006 دا بەهۆی جیاوازی بیروڕای سیاسی کۆتایی بە خەباتی خۆی لەناو پارتی کرێکارانی کوردستان هێناوە و ئێستا سەرقاڵی خوێندنە لە زانکۆی زانستە سیاسیەکانی بەلجیکا بەشی پەیوەندی.